پەل شائەل: پووچتر لە دووبارەکردنەوەی ئەوانی دی؛ دووبارەکردنەوەی خودە … وەرگێڕان/ ئەمین بۆتانی

پەل شائەل هەر لەگەڵ بەدیارکەوتن و ناسینی وەك شاعیرێك لەسەرەتای هەفتاکانی سەتەی رابردووەوە، بەوە ناسراوە کە هەمیشە گەڕەزی ناوەتەوە و بەردەوام بۆتە مایەی وروژاندنی کێشمەکێش. هەمیشە ئەوەی رەتکردۆتەوە بچێتە پاڵ ئەوانی دی و مەرایی بۆ رەخنە بکا.. ئەو تا بڕێی لاسارە و خۆی رادەستی پێوەرە حازربەدەستەکان و فریوی سەرسامبوون ناکات، بۆیە ئەزموونەکەی ئەو بریتیە لە پێشنیارگەلێکی نوێ بۆ چامەی شیعریی سەردەم و بۆ خودی شێوازی نووسین.

پەل بەوە تێمەتبار کرا کە چامەی نەریتیی لە بنج و بنەوانەوە هەڵتەکاندووە، هەروەها زمانیشی تێکوپێکداوە، بەڵام ئەو مکوڕە لەسەر تەفروتوناکردنی خود؛ بەواتای تێپەڕاندنی بەردەوامی خود و هەمیشە ئەزموونکردن، ئەزموونکردنێکی بەردەوام بەمەبەستی گەڕان بەدوای پەنهاندا، یان لەپێناو پەیبردن بەو ئازادیەی کە سنووورەکانی رەخنە رایناگرن، لەبەر ئەوەی رەخنە رەهایە و شیعریش رژێەیی، بۆیە بە بێچوونی ئەو ئەم دووانە بەیەکناگەن.
پەیقین لەگەڵ هەبەستقان پەل شائەل پرسیاری زۆر هەدەگرێ و نیشانگەلێکی زۆری پرسیار بە هەواسراوی دەمێننەوە؛ بە هیوای ئەوەی دەرفەتیان هەبێ لە پەیقینەکانی داهاتوودا بخڕێنە روو، چونکە پەیقین و دایەلێگ تامەزرۆی یەقین نیە بەقەد ئەوەی یارمەتیدەرە بۆ خستنەڕووی پرسیاری نوێ.

من خۆم پێشکێش ناکەم؛ ئەوە خوێنەرەکانن پێناسەم دەکەن، کار و بەرهەمەکانم ناوونیشانی منن، لەبەر ئەوەی من ئەوە پتر لە سی ساڵە شیعر دەنووسم، ئەوەی دەشمخوێنێتەوە بۆی هەیە باش و خراپم لەبارەوە بڵێ.. ئەوە هەر زۆر ئاساییە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ خۆی وەك پێشنیارێك وایە بۆ جیهان، نووسینیش پێشنیاری مرۆڤە بۆ ئەوانی دی کە دەتوانن رەتی بکەنەوە یان قبووڵی بکەن، ئەوەی پەیوەندی بە منیشەوە هەیە؛ خەکانێك هەن حەزیان لە شیعرەکانم نیە…هەندێکیش بە تامەزرۆییەوە ئارەزووی دەکەن.

لە بنەڕەتدا شاعیر وەك سەركردە و حزب نیە لە جیهانی سێیەم؛ تاوەكو خەڵك لە دەوری كۆبێتەوە و هەوڵ بدا كێدەنگییەك بۆ خودی خۆی بەدەستبێنێ، شیعر و چامە و تابلۆ؛ یان هەر ژانرێكی دیكەی هونەریی خەڵك دابەش دەكا و مەوبەست لێی كێدەنگیی نیە، بۆیە هەر شاعیر و هونەرمەندێك هەوڵ بۆ كێدەنگی بدا؛ گومانم لە شاعیرێتی و داهێنانەكەیەتی.

كە جیهان دابەش بكەی؛ واتە شتێكی نوێ پێشكێش بكەی خەڵك لەسەری جیاواز بن، خەڵكانێك هەن بەرگەی سەرچێی و ریسكی نوێ ناگرن… خەڵكانیش هەن بە رێزەوە لەو ئەزموونە نوێیەی ئێمە دەڕوانن، بۆ نموونە هەندێ كەس هەن پرسیار دەكەن: بۆچی پێل شائێل بەردەوام خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە؟ دیارە كە هەر نووسەرێك لەوەی دی جیاوازە. من ئەو پرسیارە گرنگە زۆر دەمتەزێنێ، بەڵام لەهەمان كاتدا وام لێ دەكا پێوەست بم بەوەی كە هەر ئەزموونێكی نوێ لەلای شاعیر پێویستە رێخۆشكەر بێ بۆ هاتنەئارای ئەزموونی نوێتر، لەبەر ئەوەی گرفتی شیعری عەرەبی ئەوەیە كە هەندێ شاعیر شێوازی نوێی نووسینیان دێزییەوە… دواتر بە درێژایی تەمەنیان لاسایی خۆیان كردەوە، كە سەرەنجام ئەزموونەكەیان وەك گێماوی لێهات و تووشی دەبەنگی و دووبارەبوونەوە و مردن هاتن.
لەگەڵ من وەبیر خۆتی بێنەوە؛ كە گشت ئەزموونە سەرەتاكانی شاعیران هەمیشە باشتر بووە لە دوا ئەزموونەكانیان، چونكە دەستیان لە نوێكردنەوە و ئەزموونكردن هەڵگرت، چونكە ئەوان هەستی رەخنەگرانەیان بەسەر خودی خۆیان لەدەستدا، چونكە ئەوان لەناو خۆیاندا گریمانەی پێغەمبەرانەیان تاودا… بۆیە هەر شتێك ئەوان بینووسن؛ بوو بە بتی پیرۆزكراو، بگومان ئەوەش مەرگی شاعیرە، لەبەر ئەوەی هەر شاعیرێك ئەگەر رۆژانە خۆی تەفروتونا نەكات… هەڵبەت بە مانا ئەرێنیەكەی، بە مانا هەڵوەشانگەراكەی، بەو مانایەی بەخۆی بڵێ: ئەم ئەزموونە بەكۆتا هات و لەسەرم پێویستە ئەزموونێكی نوێ بەرپا بكەم.. ئەگینا ئەو شاعیرە وەك مردوو وایە.
هەر بەوە بزانە كە كاروانی شاعیرە مردووەكان بەردەوام قەرەباڵغ تر دەبێ، چونكە لەسەر خوانی فێستیڤاڵە شیعریەكان دەلەوەڕێن، ئەو فێستیڤاڵانەی خەریكە شیعریش پیس دەكەن، ئێستا ژمارەی شاعیری فێستیڤاڵەكان كێاشە دەكا، وەك بڵێی حورمەت و رێزمەندیی شیعر لە فێستیڤاڵەكانە نەك لەناو پەرتووك.

من چل ساڵ رەتم كردەوە بچمە سەر سەكۆ و شیعر بخوێنمەوە، هەندێ لە هاوڕێیانم بە گلەییەوە پێیان گوتم كە ئەوە كاریگەری لەسەر

ناوبانگ و ئامادەگی میدیاییم دەبێ، بەڵام من پێمگوتن: بۆ من باشترە میدیاکان بدۆزنم نەك شیعر، لە دواییدا هەردووکیانم قازانج کرد، راستە من دوای چل ساڵ بەشداریم لە کۆکی شیعریدا کرد لە پاریس و دانەیەکی دیش لە لەندەن، بەڵام من حەزم لە فێستیڤاڵە شیعریەکان نیە… زەوق و ئارەزووم ئاوایە… بەم شێوەیەش خۆم دەناسێنم، ئەوانی دیکەش بۆیان هەیە دیدی جیاوازیان هەبێ.

ئەوە ئەزموونێکە ساڵی 1977 بەکۆتا هات، بەڵام ئەزموونێکە کاریگەری بەسەر شیعری عەرەبییەوە هەبوو، بەر لەوە شیعری عەرەبی شیعرێکی زاوزێگەر، ڕۆمانتیکی، سوریالی، دوور و درێژی تووڵانی بۆزارکەر بوو….هتد، ئەوەبوو چامەی چۆپێم داهێنا، چامەی کورتبڕ و تژی هەما و گرژ، ڕووبەری سپیشم کردە بەشێك لە سینۆگرافیا وەك شانۆ، کردمە بەشێکی تەواوکەری پەیڤ، پاوپێ لە هەما و ئاماژە، کە ئەمەیان ئەزموونی هەرە سەختی من بوو لە دووتوێی هەردوو دیوانی (روخسارێك دەکەوێ و ناگات) و (با-ی ڤالا) پشکێشم کرد، دواتر چامەی دوو رستە و سێ رستەییم هێنیەوە، بەڵام ئەو ئەزموونە شیعرییە قورس بوو، چونکە فۆرم بە تەنیا بەس نیە… پەرشبوونی ڕووبەری سپی لە نێوان رستە و وشەکانی چامە بە تەنیا کەکی نیە، یاریە زمانەوانیەکە گرنگە؛ کە یاریەکی سەخت و وردە لە هەمان کاتدا، چونکە چامەی درێژ دەشێ بەرگەی لاوازی بگرێ وەك ڕووبار، بەڵام ئەو چامە بچووکە یەك رستە و دوو رستەییانە وەك پەپوولە وان، بە شنە بایەك دەکەونە خوارەوە، بە تەنیا پیتکی زبر کە لە شوێنی شیاوی خۆیدا نەبێ؛ هەموو ریتمەکە ئاڵۆز دەکا.
لەگەڵ ئەوەشدا، من دەڵێم ئەو ئەزموونە بە کۆتاهات، لەدوای با-ی ڤالا دەبوایە ئەزموونەکە فرەوان بکەم، دەبوایە لە تەفروتوناکردنی بونیادی زهنیەت (مێنتالیتی) و زمانەوانی و لێژیکی شیعر بپەڕمەوە بەرەو ئەزموونێکی نوێتر و تەواو جیاواز، بەرەو ئەزموونێکی هاودژ بە ئەزموونی پێشووم کە لە هەردوو دیوانی (مردنێك بێ یادگاری) و (لاپەڕەکانی ونبووەکە)دا بەرجەستەیە.

لەمەشیاندا دیسان ترسم لە دووبارەبوونەوە هەبوو، بۆیە ڕوومکردە زمانی کەلەپوور، من وەك ئەوانی دی نەهاتم بەردێکی دڕین بێنم و بیخەمە نێو دیوارێکی نوێوە، نا، نا، من رستەم هەبژارد، هەمان چامەم هەبژارد و کارم لەسەر کرد (وەك مانگێکی درێژی عەشق) کە خەتەرناکترین پەرتووکە نووسیبتم و خەکی بەگشتی و ئەشراف و محافزکارانیش خۆشیان ویستبێ، لەبەر ئەوەی لەو پەرتووکەمدا گەیانەوە هەبووە بۆ زمان و دەستەواژە کەلەپووریەکان، من لەو

دیوانەمەوە (وەك مانگێكی درێژی عەشق) بەرەو پەرتووكی (نەمانی دڵخەكان) ڕێشتم وەك دەقێكی كراوە، هەندێ توخمی شانۆیيم وەك هەوڵن تێكەڵ كرد، ئەو ئەزموونە قورس و هەڵپووكێنەرە، بەڵام من هەمیشە بەدوای نوێكردنەوەدا گەڕاوم.. بۆیە ئەوە دوو ساڵە هیچم نەنووسیوە.

شیعر هونەرێكی سەختە، هونەری چامەی كەڵەگەت، من هێشتا لەسەر ئەو بڕچوونەم، تاوەكو ئاسەواری چامەیەكی پێشتری خۆم بسڕمەوە، ناچارم پەلاماری شانۆ بدەم… یان كار لەسەر زمان بكەم، خەریكی هزر و سیاسەت بم، تاوەكو لە ئاسەواری ئەزموونێك بەتاڵ ببمەوە؛ دەمەوێ بەدوای ئەزموونێكی نوێدا بگەڕێم، ئەزموونێك لە ژیان و ئێشوئازار… لە عەشق و مەرگ، لە خوێندنەوەی شیعر و وێژە، تا هەمیشە پێویستت بە نوێكردنەوەی كەرەستەكانتە، لەسەرت پێویستە هەڵیانگریتەوە و كۆنترۆڵیان بكەی… بەڵام شاعیرێك بێت و هیچ كەرەستەیەكی پێ نەبێت بۆ كردەی ڕەنگجۆری، بگومان ئەوە شاعیرێكە كەوتۆتە تەڵەی خودی خۆیەوە، لە نموونەی زۆرێك لەو شاعیرانەی من و تۆش دەیاننناسین و پێویست ناكا ناویان بێنین.

بڕوام پێ بكە، من ئێستا حەز لە پەیقی ڕووخان و هەڵتەكاندنی زمان ناكەم، ئەوە دروشمی سوریالی و دادایيەكان بوو كە گۆڤاری شیعر و خاوەنەكانی نوێخازی و ئەدۆنیس پەیڕەویان كرد… كە من بەلامەوە وەهمە، بۆیە لە جیاتی ئەوە؛ من پێشنیاری تەفروتوناكردنی خودم كرد. لە ڕاستیدا شیعر فڕێبازییە، جارانیش گوتراوە كە جوانترین شیعر درێژنانەترینیەتی؛ بەڵام نەك بەمانا ئەتیكیەكەی، بەڵكو بە مانا خەیاڵكاریەكەی، بەواتای هاونزیكی مژارەكە بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ، سەبارەت بە كەلەپووری وەهمەوەش؛ من نەمویستووە؛ نە كەلەپوور تەفروتونا بكەم و نە زیندوویشی بكەمەوە، بەڵام ئەوەی پێویستە بكرێ دەبێ زمان بەر ختووكە و نەقیزە بدرێ، لەبەر ئەوەی شیعر خۆی نەقیزەدانی سەرتاپای زمانە بە كەلەپوور و سەردەمەكەیەوە، هەبەت نەقیزەدان بەمانای ئەزموونگەری، منیش لە ئەزموونكردندا دەژیم.
ئێستا من لە (نەمانی دڵخەكان) شانۆم ئاوێتەی شیعر كردووە، وەك تێش دەزانی؛ بایەخپێدانی من بە شانۆ هاوتەریبە بە شیعر و هزر و زمان… هتد. لە كۆتاییشدا ئەگەر من بمەوێ چامەیەكی شیعری بۆ ئەوە بنووسم تەنیا خۆشەویستی خۆم بدركێنم و عەشقی خۆم بۆ سۆكس دەربڕم یان خۆم لەقەرەی سیاسەت بدەم؛ ئەوە من دەتوانم ئەوانە بكەم لە ڕێگای نووسینی وتارێكەوە (ئێ خێ من ڕۆژنامەڤانم)؛ یان

دەتوانم لە لێکۆڵینەوەیەکدا بیکەم یان لە... بەڵام شیعر کاتێ دەینووسی؛ پێویستە شتێکی نوێ بخاتە سەر ئەوەی کە هەتە؛ یان سەر بەرهەمی داهێنراوی ئەوانی دی. دووبارەکردنەوەی ئەوانی دی شتێکی پووچە و لەوەش پووچتر دووبارەکردنەوەی خودە.

من نموونەیەکی پێشوەختەم نیە، نموونەکەی من لەبەر دەممە، بۆیە دەبینی کە گشت تیووریەکانی شیعر پووچ و بێمانان، تێ یەکەمجار چامەیەك دەهێنیەوە و دواتر تیووریزە بێ شیعر دەکەی، یان دەخوێنیەوە بێ ئەوەی بزانی چۆن شیعرت نووسیوە، هەموو سنوورەکانی شیعر لە دوای دەقەوە دێن نەك بەر لە دەق، کە دەکەوێتە پێگەی ناکۆتاوە.
هەموو تیووریەکانی شیعر هاتن و ڕێبشتن و شیعر هەر مایەوە، کەس ناتوانێ شیعر بەدەستەوە بگرێ و هەڵگرێتەوە، گشت قوتابخانە شیعریەکان قوتابخانەی بێنە و هەڵکەوتەکانن؛ لە ساتەوەختێکی مێژوویيدا دێن و دەڕۆن، بەڵام دەق دەمێنێتەوە، ئەو قوتابخانانە وەك راستە وان؛ فەزا و بۆشاییان پێ دەپێوین، ڕەخنە هەمیشە ڕەها و شیعریش ڕێژەییە؛ بۆیە هەرگیز بەیەکناگەن.

پێشەنگەکان نەمان و کۆتاییان هات، یان زۆربەیان وەك شیعر و هزر کۆتاییان هات، هەموو بیروبۆچوونەکانیان سەبارەت بە نوخوازییەوە هەر لە بنەڕەتدا لاواز و پەپووت بوو، لەبەر ئەوەی بۆچوونەکانیان پەیوەندییان بە دەقەوە نەبوو، بەڵکو وابەستەی هەندێ زانیاری بوون لەبارەی ڕەخنەی ڕۆژئاوایی؛ یان ڕەخنەیی کۆن و کلاسیك، یان ڕەخنەی کەلەپووری، بێ نموونە ئەوان کاتێك لەبارەی پەخشانە شیعرەوە شتیان دەنووسی؛ ئێمە لێرە جارێ پەخشانە شیعرمان هەر نەبوو، ئەوان پشتیان بە سۆزان برنارەوە بەستبوو کە بەرهەمەکانی لەبارەی پەخشانە شیعری فەرەنسی بوو، سۆزان برنار لە بڕیارەوە شتی وەردەگرت و هەتا ساڵی 1960 لێکۆڵینەوەی لەسەر گشت تێکستە فەرەنسیەکانی ئەو قۆناغە کرد و یاسا و ڕێساکانیشی هەڵێنجا.
کەچی ئێمە هاتینە سەر حازرەکی و کارەنجام و هەڵێنجراوەکانی سۆزان برنارمان لەبارەی دەقە شیعریەکانی فەرەنساوە برد و بەسەر شیعری عەرەبیمان پراکتیك و پیادە کرد، هەبەت بەر لەوەی دەقی ڕەسەن و خۆماڵی خۆمانمان هەبێ لەو کایەوە. دەرەنجامیش ژمارەیەك تێز و تیووریزەمان بێ زیاد بوو لەبارەی پەخشانە شیعری عەرەبییەوە کە لە بنەڕەتدا بوونی نەبوو.

من یەکەمین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی خۆم لەبارەی پەخشانە شیعر وەك تێزێکی زانکۆیی لە ساڵی 1971دا پێشکەش کرد کە بابەتێکی نوێ و

پەشەنگ بوو لە بوارەکەی خۆیدا، بۆنە پێشچاوی خۆت زانکۆی بەیروت دەبێ ئەوسا چەند پێشکەوتوو و گرنگ بووبێت لە رووی ئەکادیمییەوە هەتاوەکو نامەیەك وەرگرێ لەبارەی پەخشانە شیعر؛ کە زانکۆ عەرەبیەکان هەر دانیان پێدا نەدەنا.
گرنگ ئەوەیە ئێستا بەرهەمەکەی سۆزان برنار لە فەرنسا کاریگەری نەماوە و ئکسپایەر بووە، لەبەر ئەوەی شیعری فەرەنسی (خۆت دەزانی من شارەزای شیعری فەرەنسیم) هەر لە شێستەکانی سەتەی رابردووەوە گۆڕاوە بە ئێستاشەوە، ئەو ڕێسایانەشی سۆزان برنار هەڵێنجای؛ ئێستا نە بەکەڵکی شیعری فەرەنسی و نە بەکەڵکی شیعری عەرەبییش دێ، بەڵام رەخنەگرەکانمان هێشتا لە تیووریزە شیعرییەکانی خۆیان پشتی پێ دەبەستن.
من لە کۆنگرەی شیعر لە قاهیرە لەبارەی پەخشانە شیعرەوە نووسیم و رەخنەم گرت و وەڵامی سۆزان برناریشم دایەوە لەبارەی شیعری فەرنسی و عەرەبی، بەڵام شاعیران و رەخنەگرانمان ناخۆننەوە و ئاگایان لە پێشهاتەکان نیە… زۆربەیان لەسەر شکڵی جارانی خۆیان وەنەوز دەدەن، بۆ خۆیان لای پاڵ قاڵەری و ئاندرێ بریتۆن راکشاون، راستە ئەوانە مەزن و بلیمەت بوون؛ بەڵام کۆتایان پێهات.

چامەی شیعری و شانۆ؛ دوو هونەرن بەیەك ناگەن، پەیوەندییان بەیەکەوە نیە، هەر هونەرێك لەوانە بونیاد و جەستەی تایبەت بەخۆیان هەیە، هەر یەك لەوانە کەرەستە و پێوەری خۆیانیان هەیە، کاتێك ئێمە چامەیەك دەنووسین پێویستە بزانین کە ئێمە جەستەیەك بەیەکەوە دەلکێنین و ناکرێ بە شتێکی دیکەوە ناوبنرێ، ئێمە چامەیەکی شیعری دەنووسین نەك ڕاپۆرتێکی سیاسی یاخود وتارێك، چونکە هونەری وتاربێژی و هونەری وتارنووسینیش هەیە، بەڵام چامە هەڵکەنراو و داهێنراوێکی شیعرییە، کاتێکیش شانۆ دەچێتە نێو ئەو چامەیەوە؛ ئەوە دەبێ بگۆڕێ بۆ جەستەی چامە تاوەکو ببێتە چامەی شیعری. ئەگەر گۆڕانەوەیشی هاتە سەر، ئەوە دەبێ گۆڕانەوەکە بۆ زمانی چامە بگۆڕێ، ئەگەر ئەو گۆڕانەش ڕووینەدا؛ ئەوسا وادیارە کەموکوڕییەك لە کرێکی خودی نووسیندا هەیە.
هەمان شت بۆ شانۆش دەگونجێ، لەبەر ئەوەی شانۆ بونیادێکی سەربەخۆی هەیە و جیاوازە لە ڕۆمان و ڕەنگ و سینەما، تۆ دەتوانی شیعر و گۆرانی و سینەما بخەیتە نێو شانۆوە، بەڵام بەو مەرجەی ئەو ژانرانە ببنە توخمی شانۆیی، خۆ ئەگەر وەك لەشی سەربەخۆ مانەوە؛ ئەوە بگومان کۆشەی ئاوێتەنەبوون و لەبەریەکهەڵوەشانەوەیەك لە بونیادا هەیە.

کاتێك تێلستۆی (جەنگ و ئاشتی) نووسی؛ بیست لاپەڕەی جوانترین شیعری هەیە، بەڵام ئەو شیعرەیە خزمەت بەخۆی ناکات وەك شیعر؛ بەڵکو لەخزمەت بونیادی ڕەمانەکەدایە، بۆیە زۆر ئەستەمە یەکێکمان بتوانێ ئەو هەردوو هونەرە بنووسێ، ئەوە کارێکە هەرگیز ئاسان نیە. منیش لە میانی ئەو ڕەشنبیریە یەکجار فرەوانەی هەمە لەبارەی شانۆوە؛ لەگەڵ ئەو ئەزموونەی نووسین و دید و روئیایەم بۆ نمایشەکان، شتێکم لەلا گەڵاڵە بووە بتوانم سنووری نێوان ئەو دوو هونەرە بناسم و لەیەکتریان جیابکەمەوە، و ئەگەر بەناویەکداچوون ئەوە دەبێ یەکێکیان لە پێناو ئەوەکەی دی بتوێتەوە، هەروەك چۆن لەهەردوو بەرهەمەکەمدا بەرجەستەیە (نەمانی دۆخەکان) و شانۆیی (زۆرخانە) کە خاتوو نیزال ئەشقەر لە ساڵی 1990دا وەك ئەکتەر نمایشی کرد و لەوێ شیعرمان وەك هەوێن و ڕۆح لە بنیاتنانی شانۆییەکەدا بەکارهێناوە.

ئێستا لە فەرەنسا ئەزموونی نوێ هەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی چامە شیعریەکان بە ڕێگای شانۆی کراوە، کە لە ڕێی فۆرمەوە ساز دەکرێ، ئێمەش پێویستە گوڵایەڵی ئەوی دی بین کاتێك ئەزموونکاری دەکات؛ ئەگەر ئەو کەسە عەرەب بێ یاخود بیانی، ئێستا شانۆ پەل بۆ دەرەوەی دەق و ئەکتەر دەهاوێژێ، شانۆ دەیەوێ تەنانەت لە دەرەوەی خودی شانۆدا بەدوای چارەسەریدا بگەڕێ ، هەبەت ئەوەش پێچەوانەی تیووریەکانی برێتۆقسکی و ئارتێ یە، لەبەر ئەوەی شانۆ ئێستا تەسك تر لەوەی بتوانێ ئەو هەموو گوڵانکاریانە لەخۆ بگرێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پرسێکی مەترسیدارە.
من وای دەبینم کە دەبێ شانۆ هەموو توخمەکانی وەك سینۆگرافی و کریۆگرافی و جلوبەرگ و ماکیاژ و میوزیك وا لێ بکات لەگەڵ بونیادە سەربەخۆکەی خۆیدا ئاوێتە بکا، کە جیاوازە لە بونیادی چامەی شیعری و ڕۆمان و سینەما، هاوکات چاودێریی ئەو ئەزموونانەی تێکستیش بکرێ کە سنووری نێوان ئەو ژانرانەی دەربڕین دەتەقێننەوە و خاپوور دەکەن.
من خراپترین ڕەخنەگرم، بەباشتری دەبینم ئەوانی دی ڕەخنەم لێ بگرن. لەوە خۆشتر نیە ڕەخنەت ئاراستە بکرێ، بەڵام زۆر بێتامە کەسانێك پێتدا هەبدەن وەك مەرایی، ئەگەر ئەوانی دی وەك مەرایی لەسەرم بنووسن هەست بە سووکایەتی خۆم دەکەم؛ وەك بڵێی زللەیەکیان لەپەناگوێم دابێ، کەسانی وا هەن درۆم لەگەڵدا دەکەن، بەرتیلم پێ دەدەن و ئازادیم ئازار دەدەن.
لەبارەی قوتابخانە ڕەخنەییەکانیشەوە؛ من پێوایە هەر هەموویان باریان کرد و نەمان، ڕیالیزم و بونیادگەری باویان نەما، سوریالییەت وەك قوتابخانەکانی پێش خۆی ڕۆی، من دژی گشت قوتابخانە

رەخنەییەکانم. رەخنەی راستەقینە؛ دۆخێکی دیدەنیی نێوان رەخنەگر و دەقە، دیدەنیی نێوان دوو خەیاڵی بێ سنوور و بێ هزری پێشوەختە. هەر ئەوەشە رادەستبوونی چاوکراوە و بە ئاگا و خۆگر لەیەك کاتدا.

بێ دەبێ من ملکەچی ڕێسا باوەکانی کۆمەڵگا بم بێ ئەوەی بەدڵی خاوەنی ئەو ڕێسایانە بم،، چونکە کار و ئەرکی من لە شیعردا شکاندنی ڕێساکانی ئەو سەرسامبوونەیە کە یەکێکە لە نەخێشیەکانی کۆمەڵگە و دەربڕین لە ڕاوەستان و بڕجووەیی و دۆگماتیکی قۆناغێکی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەن، کاری من تێکشکاندنی توخمەکانی ئەو سەرسامبوونەیە، با سەرەتا لە وردوخاشکردنی ڕێساکانی سەرسامبوون بەخۆم و لە خاپوورکردنی خودشەیداییەوە دەستپێبکەم، لەبەر ئەوەی کاتێك شاعیر زۆر بەخۆی سەرسام دەبێ وەك (ئەدۆنیس)؛ ئەوسا مانای وایە چیتر کەکە بەکۆتا هات… بۆوام پێ بکە من ئەم قسەیە وەك ڕەخنە دەکەم، ئەدۆنیس یان نزار قەبانی بەر لە مردنی، و هەر یەکێك لەو شاعیرە خودشەیدا و نەرجسیانە کەسانی دەردەدار و نەخۆشن.

شاعیر لای داواکراوە هەمیشە ئەو هۆزەی هەبێ بتوانێ خۆی پەرتوپار بکات و خودی خۆی داوخۆنێ، هەروەك لە کۆنکی پێشوومدا گوتم کە هەر ئەزموونێك شاعیر بینووستەوە بریتییە لە وردوخاشکردنی ئەزموونکی پێشتری خۆی، من کە (نەمانی دۆخەکان)م نووسی؛ ئەوسا بە کردەی وردوخاشکردن هەدەستام نەك وەلانانی ئەزموونی (با-ی ڤالا) وەك پاکتاوکردنکی کاتی؛ یان ئەشکەنجەدانێك، ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرکە لە مازۆچییەت، بەمەش چامەی شیعری دەبێتە جۆرێك لە پەلاماردان و سادیزم دژ بە زمان، بەڵام لەهەمان کاتدا مازۆچیەتیشە دەرهەق بە خود.
چامە پەلاماردان و دەستدرێژیکردنە بێ سەر زمان، دەستدرێژیکردنە بێ سەر شانێ کاتێك خەم بە ڕێسا و بنچینەی حازربەدەست ببەستمەوە و هەوڵ بدەم لە ڕووی ئایینی و ئایدۆلۆژییەوە پراکتیکیان بکەم؛ یان لەچوارچێوەی هەر قوتابخانەیەکی ناسراودا بیانخەمە گەڕ، گشت ڕەخنەگرانی سەتەی بیستەم کەسانی ئایدیۆلۆژی بوون، و هەندێکیان ئایدیۆلۆژی و خودشەیدا بوون، هەر شاعیرێك بوو بە ئایدیۆلۆژیایەکی سەربەخۆ، ڕێدەکا و بە پلاستیك داپۆشراوە، دڵی پلاستیکە، مۆشکی پلاستیکە، هەستەکانی پلاستیکن، پێویستە شاعیرانمان نەچنە نێو فەستیقاڵەی شیعریەکانەوە و بەو وەرگێڕانەش غەڵا و لەخۆبایی نەبن لە ڕێگای پەیوەندی کەستیەوە دەکرێن… ئەو شکۆمەندییە پووچ و بەتاڵە و شاعیران دروست ناکا، بەکو تێکوپێکیان دەدا.

من کاتێك دەنووسم بیر لە هیچ توخمێك ناکەمەوە لە دەرەوەی شیعر و

شانۆ، لەبەر ئەوەی شانۆی بازرگانی کاتێك بەزمێك بەکاردەبا؛ چاك دەزانێ بەوە دەتوانێ چەپڵەڕێزانی گەرم و داهاتێکی باش وەدەستبێنێ، بەڵام من مامەڵە لەگەڵ نەفەر و مەعمیل ناکەم، خوێنەر لە دیدی من مەعمیل نیە و لە ساتەوەختی نووسینی شیعردا ملکەچی هیچ سازشێك نابم لەگەڵیدا، هەروەها من بیر لە هیچ مەرجەعێکی رەخنەیی و پێوەندی لەگەڵ جەماوەردا ناکەمەوە. پەرتووك بەلامەوە وەك منداڵێکی زۆر وایە… لاواز و نەرمەلیق، کاتێك پەرتووك لە شاعیر جیا دەبێتەوە وەك لاوازێکی نەرمەلیق وایە، دەشێ فڕێی بدەی یان بیفلیقێنیەوە، تفی لێ بکەی یان بیسووتێنی، بێت هەیە خۆشت بوێ یان لەگەڵی جووت بیت و بیکەیتە چەتر، ئەوەیە چارەنووسی مەزن و نەقڕەای پەرتووك؛ کە ببێتە زۆر و بیژی دوور لە رکێفی شاعیر، شاعیران لای ئێمە هەتا لە ژیاندان پەرتووکە خراپەکانیان هەڵدەگرن، کاتێ دەشمرن و کۆچ دەکەن گشت نووسینەکانیان دەکەوێ و پەرشدەبێتەوە.

بۆیە پێویستە پەرتووك سەربەخۆ و بەدوور بێ لە کەسێتی شاعیر و پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و تایفی و دەسەڵاتداری و تەنانەت دارایییەکەیشی، و بۆیە پێت دەڵێم دارایی؛ ئەویش لەبەر هۆکارێکی سادە، لەبەر ئەوەی توخزێکی شاعیرانی دەوڵەمەندمان لە کەنداو و دەرەوەی کەنداو بێ پەیدا بووە، هەزاران دۆلار وەك بەرتیل دەدەنە شاعیرە گەورەکان بێ ئەوەی لەسەریان بنووسن و بە بەژن و باڵایاندا هەڵبدەن.
بەر لە ئێستا دەسەڵات بەرتیلی دەدایە شاعیران، بەڵام ئێستا شاعیران خۆیان بوونەتە راوچی خەڵاتەکان و دەوڵەمەندانی شیعر و قسە لەسەر نوخوازی دەکەن، ئەمە چ نوخوازیەکە؟! ئەمە چ شیعرێکە؟! چۆن شیعری بەرخودان بێ دواکەوتوویی و تۆندوتیژی و کوشتن و دڕگماببوون بنووسم، هاوکات بەرتیل وەرگرم بێ پیاهەڵدانی شیعری دواکەوتوو و هزری دواکەوتووی کۆنەپارێز؟… پێم بڵێ چۆن؟.

کەواتە هاوبەندی و بەردەوامیی لە ڕێگەی سازش نەکردنەوە دەبێ، لەسەرت پێویستە لەگەڵ خۆتدا بەردەوام بیت بێ ئەوەی بتوانی لەگەڵ ئەوانی دی بەردەوام بیت، بەردەوامی و هاوبەندیی هونەری و ستاتیکییش پرسکی ڕۆژەییە، ئەوەی تۆ بە نامۆی دەبینی؛ لەوانەیە هاوڕێیەکی دی بەهەمان شێوە نەیبینێ، نامۆیی و ناوونی وەك شیعر پرسکی ڕۆژەییە… من خۆشم وەك بۆچوون؛ هونەرەکانی نووسین جیا لە یەکتر دەبینم، من وتاری ڕۆژنامەڤانی لەبارەی پرسەکانی هزر و سیاسەت و کۆمەڵگەوە دەنووسم کە وتاری بوێر و راستەوخۆن.. هەروەها

لە خۆشانداندەکانیش وتار دەدەم، ئەمەیان شتێکە و نووسینی شیعر شتێکی ترە. بەڵام هەرگیز بڕم نیە چامەیەکی شیعریی وتارئامێز بهێنمەوە و بڕم ئەمەیان زیاتر دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا دروست بکا، چونکە ئێمە هونەری وتاربێژییمان هەیە و هونەری نووسینی وتاریشمان هەیە… بۆیە دەڵێم قەسیدە شتێکی ترە.

سەرچاوە:
انور بدر (لبنان)، القدس العربی 16/12/2004

دەسپێك لە چیڕۆکی (دواییین شەوی مینا)ی تێکۆشەر خالید_دا … سەدیق سەعید ۆاندزی

بۆگومان دەسپێك لە هەموو دەقێکدا، یەکەم ئەقەی گرێدانی دەقە بە خوێنەر و یەکەم دەروازەی چوونە نێو دەقیشە لە دوای ناونیشان وەك ئاماژەیەکی گشتی دەق. زۆرجار سیحری گێڕانەوەی ۆوداوێك لە سەرەتاوە، ئەو هەستە لای خوێنەر دروست دەکات کە بە دوای ۆوداوەکان دابچێت وکەمەندکێشی بکات.واتە لە سەرەتای دەقەوە، هەرتەنها گێڕانەوە یاخود سەرەتای باسەکان گرنگ نییە، لەوە گرنگتر ئەوەیە چیڕۆکنووس یاخود ڕۆمانnووس، چەند دەتوانێت لە ڕۆگەی ئەو دەسپێکەوە، خوێنەر بباتە نێو ۆوداوەکانی دەقەکە.گەلێك جار دەسپێکی دەقێك هەر لە سەرەتاوە ئەو تێڕوانینەمان بۆ دروست دەکات کە بەدوای ۆوداوەکانەوە بچین.

لە هەندێ دەقی چیڕۆك و ڕۆماندا،دەسپێکی دەقەکە لە ۆووی سیحری گێڕانەوە و تەکنیکی داڕشتنەوە هێندە لاوازو ناهونەرییە، کە هەر لە سەرەتاوە خوێنەر درك بەوە دەکات کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە چیڕۆك و ڕۆمان نییە، بەکو گێڕانەوەیەکی میللییانەی حیکایەت ئامێزە و هیچ بنەمایەکی هونەری گێڕانەوەی چیڕۆکی تێدا نییە. ئەگەرچی گێڕانەوە هەگەزێکی هاوبەشە لە چیڕۆك و حیکایەتدا، بەڵام دواجار گێڕانەوە لەم دووژانرە لە ۆووی بونیادی هونەرییەوە تەواو جیاوازن لە یەکتری.چونکە چیڕۆك ژانرێکی ئەدەبی هاوچەرخە بە بەراورد لە گەڵ

حیکایەت و ئەفسانەکان. کە ەنگە مژووەکەیان بۆ هەزاران ساڵ لە مەوبەر بگەڕێتەوە.ئەگەر چیرۆك بۆ هەموو ئستاتیکایەکی زمان و دەربڕین، تەنها لە گۆڕانەوەدا کورتبکەینەوە، ئەوا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان چیرۆك و حیکایەتدا نامێنێتەوە.
ئەوە ئستاتیکای زمان و بینای هونەری چیرۆکە، چۆنی خوێنەوە بە خوێنەردەدات نەك گۆڕانەوە بە تەنها. چونکە ئەمە لە حیکایەت و ئەفسانەکانیشدا بەر گۆڕانەوە دەکەوین، کەواتە بۆچی هەمان ئەو چۆنەی چیرۆك و ڕۆمانێکمان لادروست ناکەن؟. بۆگومان ئەمە پەیوەستە بە هونەری چیرۆك و تەکنیکی گۆڕانەوە کە دەبێ چیرۆکنووس زۆر وردبینانە درکی پێ بکات.

چیرۆکی(دوایین شەوی مینا) یەکێکە لەو چیرۆکانەی، دەسپێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە. خوێنەر کاتێ ناونیشانی ئەو چیرۆکە دەبینێت، بەر دەلالەتێکی پرسیار ئامێز دەکەوێت، کە دوا شەوی مینا دەبێ چۆن بێت؟ چی ڕوویدابێت؟ ئەم دەسپێکە پرسیار ئامێزە،، خاڵێکە کەلێیەوە خوێنەر دەچێتە نێو ڕووداو و گۆڕانەوەکان.لەو چیرۆکەشدا، خوێنەر لە دەسپێکی دەقەکە، ئەو پرسیارەی لادروست دەبێت، کە مینا کێیە؟ دوایین شەو لە ژیانی ئەودا چی ڕوویداوە؟ئیدی لێرەوە دەچینە نێو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە. مینا کە کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە، کەسێکی جووت ەگەزە(نێرەموك).
ئەم دۆخە بایەلۆژییە، وایلێکردووە لە ئاستی دەروونی، ڕوحی و خۆزانی هەست بە تێکشکاندنێکی گەورە بکات. ئەمەش، دۆخی ڕوحی و سایکۆلۆژی هەموو ئەوانەیە کەلەو جۆرە ەگەزە تێکەڵەن، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا، پێچەوانەی کۆمەڵگەی خۆرئاوایی، کە ئەمە بەشتێکی ئاسایی دەبینن. ژیانی مینا، لە چوار دیواری ژوورێکدایە هاوشێوەی زیندانییەك. لە ماڵەوە ڕێگەی نادەن بچێتە دەرەوە، تەنها دەتوانێت جارجارە لە پەنجەرەی ژوورەکەوە سەیری دەرەوە بکات.

ئەو باجی هاتنە بوونێك دەدات، کە دوور لە خواستی خۆیەتی.(مینا تا ڕۆژێك بەرلە مردنی ئاسمانی نەبینی،هەروای دەزانی دنیا تەنها ئەو چەند ماڵەیە کە کەوتوونەتە قەد پاڵی ئەو شاخەوە). تاکە کەسێك دڵنەوایی بکات،کاکیەتی کە فێری خوێندنەوە ونووسینی دەکات. وەلێ مانەوەی مینا بەو دۆخە بایەلۆژییە، هەمیشە بۆ ماوەیەکی دایکی مایەی شەرمەزاریی و نەنگییە. بۆیە ڕۆژێك مەلاجەمیلی مەلای مزگەوتی گەورە، لە گەڵ ئاپۆڕایەك لە خەڵك هەڵدەکوتنە سەر ماڵی مینا و داوا لەکەس و کاری دەکەن بیکوژن. چونکە مانەوەی ئەو بوونەوەرە نامۆیە،

مایەی نەهامەتی وئاشووبە.ئەگینا بەرنەفرەتی خوا دەکەون، دڵۆپێك باران بەهۆی ئەوەوە نەباریوە. کاکی گەرچی ئەویش هاوشێوەی مینایە، وەڵێ دیوە پیاوەکەی زیاترە بە پێچەوانەی مینا، کە دیوە ژنانەکەی زاڵترە، دژی مەلا جەمیل دەوەستێتەوە بەرگری لە مینا دەکات، کە هیچ تاوانێکی نییە و خوا وەهای دروستکردووە.

وەڵێ ئەوان هەرسووردەبن کە نابێ نێرەموویك لە گوندەکەیان بێت، چونکە بەرنەفرەتی خوا دەکەون. تا دواجار ڕۆحانەی دایکی، دەکەوێتە ژێر کاریگەریەتی مەلا جەمیل و داوا لەکاکی دەکات کە دەبێ(هەر ئەمشەو ئەو کارە تەواو بکات). واتا مینا بکوژێت. ئەمیش دواجار مینا لە ماڵ دەباتە دەرەوە لە چۆڵەوانییەکدا تفەنگێك دەنێت بەمیناوە و دەیکوژێت.
عومەر، گەرچی پەشیمانە لەو کارەو هەرگیزا و هەرگیز باوەڕی بەوە نییە مینا بکوژێت، وەڵێ لە ژێر فشاری کۆمەڵگە، ڕۆحانە، مەلا جەمیل، ئەو کارە دەکات. (مینا بەپێی خێی بەرە و مەرگ دەکەوێتە ڕۆ،بەرلەوەی فیشەکەکە بتەقێنم پەشیمان بووم،بەڵام تەقاندم و نام بە میناوە،تەنیا وشەیەك لە ژێر لێوەکانییەوە بە ئاستەم بیستم گوتی:عومەر). بەم جۆرە ژیانی مینا لە شەوێکدا کۆتایی دێت و خوێنی دەژێت. مینایەك کە تا مرد دەرەوەی نەبینی، کەسێکی ئاسایی نەبوو.لەو چیڕۆکەدا،مینا نموونەیەکە بێ هەموو ئەوانەی لە ڕووی بایەلۆژی و جەستەییەوە هاوشێوەی ئەون.بە تایبەتیش لە کۆمەڵگە ئایینی و سوننەتی و دواکەوتووەکاندا.

کە پیاوبوون بە هۆمای ئازایەتی و گەورەیی و شکۆمەندی دەزانن. بیرمان نەچێت ئەم جۆرە مرۆڤانە، کە دوور لە ویست و خواستی خۆیان دروستکراون و هاتوونەتە بوون،هەمیشە لە ترسی کۆمەڵگە، ناتوانن ناسنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن. هەمیشە بە مرۆڤێکی کەمتر لە مرۆڤی ئاسایی تەماشا دەکرێن. دەکەونە بەر شکانەوە، توانج، ئەتککردنی کەسی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت خێزانەکانیشیان بە شەرمەوە دەیانگرنە خۆ و تا بتوانن هەوڵدەدەن ڕۆگەزەکەیان بێ ئەوانیتر ئاشکرا نەبێت.لە کاتێکدا، ئەوانیش هاوشێوەی هەر مرۆڤێکی دیکە، ئارەزوی ژیان دەکەن و دەیانەوێت بژین. تیمەی ئەو چیڕۆکە، یەکێکە لەجوانترین ئەو تیمانەی کە کراوەتە بابەتی چیڕۆکەکە. چیڕۆکنووس، کەسیەتییەکی پەراوێزخراو، شەرمندە، تێکشکاو و نامۆی کردێتە پاڵەوانی چیڕۆکەکەی.
هەر ئەمەشە خەسڵەتی چیڕۆکی جوان وسەرکەوتوو.

چونکە یەکێك لە سیماکانی چیڕۆك و ڕۆمانی سەرکەوتوو ئەوەیە، چەند

شته پەراوێزخراوەکان دەکاتە تیمەی نووسین. ئەو شتانەی کە ھەنگە بەلای زۆربەمانەوە بوون و نەبوونییان ھیچ لە مەسەلەکان نەگۆڕێت وبە خەیاڵیشمان دانایەن. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، خەسڵەتێکی ھونەری دیکەی ئەم چیرۆکە ئەوەیە، کە کۆتاییەکی کراوەی ھەیە. واتە چیرۆکنووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، خاڵێکی بۆ کۆتایی ھێنانی گێڕانەوەکە دیار نەکردووە. چونکە کاتێ مینا دەکوژرێت، بکوژی مینا دەڵێت:(گوێم لە دەنگێك بوو،کە لە دوورەوە بەرەبەرە نزیك دەبووەوە، وەرن دڵنیابن لەم ڕۆگەیەوە ڕۆیشتوون و بەم نزیکانە دەیانددزینەوە). لێرەوەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەشێ ڕووداوەکان لەدوای کوژرانی میناشەوە بەردەوامیان ھەبێت. چونکە کەسانێك بە دوای ئەوان دادەچن و دەگەڕێن.

بەمەش خوێنەر لە بەردەم بەردەوامی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دایە. دواجار دەڵێم، دواین شەوی مینا، یەکێك بوو لە جوانترین ئەو چیرۆکانەی لە کۆی دەیان چیرۆك لەو ماوانەی ڕابردوودا،وەکو خوێنەرێك خوێندومەتەوە. ئەمە دەڵێم، بەبێ ئەوەی چیرۆکنووسەکە بناسم و بینیبێتم…

*دواین شەوی مینا، چیرۆك،نووسینی:_تکۆشەر خالید.ماڵپەری چیرۆك..

دروستکردنی دۆڵێت لە نێوان کورد و جولەکەدا … ھۆشیار جەمال

زۆر جار نوسەر و ڕۆشنبیرێ ناسیۆنالیستێ کوردەکانی نزیک لە حیزبێ دەسەڵاتدارەکانی باشوری کوردستان باس لە ھاوبەشی پرسی جولەکە و کورد ئەکەن لە ناوچەکەدا وەک دوو کۆشەی مێژوویی. بەتایبەت لە پرسی دروستکردنی دۆڵێتی کوردیدا ھاوشێوەی ئەو دۆڵێتەی کە جولەکە دروستی کردوە.
لە ماوەی ڕابردوودا کە کتێبی دۆڵێتی یەھوود لە نوسینی (تیۆدۆر ھرتزل)م خوێندۆوە. کە نیو سەدە پێش دروستبوونی دۆڵێتی ئیسرائیل

نوسیویەتی، تێگەیشتم لەوەی کە چەند بە پلانی ورد و بە بەرنامە دەوڵەتکەیان دروستکردوە، بەڵام لە کوردستان حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا پلان و بەرنامەکانیان دووبەش بووە، بەشێکی دەچێتە خانەی بازرگانی و موزایەدەکردن بە پرسەکە، بەشەکەی دیکەشی ڕێک پێچەوانەی جولەکەیە کە لەسەرتاسەری دونیاوە هاوڵاتیانی بە بەرنامە کێچ پێکردن بە ئەو شوێنەی مەبەستی بوو.
هەرچی سیاسیەکانی کوردە بە پلان و بەرنامە وایان لە هاونیشتمانی کرد لە دەخی جێگیر و کەبوە لە نیشتیمانەکەی خۆیدا نەمێنێت و کێچی ناسایی بکات بۆ وڵاتانی ئەوروپا و بڕاوبڵتوە بە جیهاندا !

جولەکەکان لە پێش دروستکردنی دەوڵەت دەیانگوت هیچ کام لە دەستکەوتەکانمان لە دەست نادەین، بەڵکو دەیان چەسپێنین، هیچ مافێکمان بە فیڕۆنادەین لە پێناو مافێکی باشتردا نەبێت. ئەم دەرانە تێگەیشتنی ئەوانە بە دروستبوونی دەوڵەت، بەڵام حیزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوری کوردستان هەردەم بەهەی شکستکانیانەوە لەبواری پلاندانداء مەترسی لەسەر ئەزموونی هەرەمی کوردستان هەیە. لە کاتێکدا کە لەشارێکی گرنگی وەک کەرکوک دەسەڵاتدار بوون، بەڵام بەهەی شڵەی کەردنەوەی پارەو نەیانتوانی مافکانی نەتەوەکەیان لە شارێکی وەک کەرکوک بچەسپێنن.
جولەکە پێش دروستکردنی دەوڵەت بە پلان و بەرنامەی ورد بە ئەوەی هەستی نیشتمانی دروست بکات لەناو تاکەکانیدا، بەیاریدا لەو شوێنی جێگیر دەبن خانوو بە کرێکارانی کێچ کردووش بکات کە لەسەر خەرجی کەمپانیا دروستدەکرێت کەنابێت ئەم خانوانە لەو خانوە ناشرین و خراپانە بچن کە لە ئەوروپا دەدرێت بەکرێکاران.

بەڵام لە کوردستان ئەم چینە چالاکی کەمگا لە سادەترین مافکانیان بە بەشن. هیچ یاسایەک کارپێکەر نیە مافکانیان بپارێزێت و بە هاوڵاتی پلە دوو سەیر دەکرێت. کەسانی بە ناو ڕۆشنبیریش لەکاتی کێبوونەوە و کەمپەینکانیاندا، نەک هەر ڕێزیان لێناگرن، بەڵکو بە چاوی کەم دەیانبین و وەک چینێکی شکستخواردوی بە بەوانامە سەیریان دەکەن و جنێویشیان پێ دەدەن!

جولەکە تێروانینی بە کاری خەرخوازی بە هەژاران و دەرزەکارەکان ئەوە بوو: کە پێویستە پارێیکی دیاری کراویان پێ بدرێت و لەدەزگایەکدا کاربکەن و هەژار و دەرزەکارەش بشانازیەوە بژێوی خۆی دابین بکات.
هەرچی پلانی دەسەڵاتداری هەرەمە بە ئەم پرسە ئەوەیە کە دەرزەکارەکان لەناوشارەکان چەن ئێستا بڕاوبوونتەوە هەروابن و

هەژارانیش هەرکات بڕپرسێک نزیکی هەبژاردن بوو یان ویستی ببێتە سەردێری هەواڵەکان خۆی و کامەرەمانی کەناڵەکەی دەچێت لەو پارە دزراوەی هاونیشتمانیە هەژارەکە خۆی بەڵکو پارەی دەداتە، یاخود ڕەکخراوی بەناو خێرخوازی بەناوی کوێ و باوک و برای کە لەژیاندا نەماون لە پارەی نەوتی ئەم باشوری کوردستانە دروستکراوە وەک خێر و سەدەقە هاوکاری هەژاران دەکرێت و لە چەندین گۆشتی هەواڵدا دووبارە بەاوی دەکەنەوە و کەرامەتی دەوشێنن. بەپلانیش دەیانەوێت هاونیشتمانی هەر لەدەخی هەژاریدابێت بە ئەوەی هەردەم لە دەرگای ئەم بڕپرس و ئەو بڕپرس بێت.

جولەکە لەسەر پرسی سوپا و ئاڵا، نیو سەدە پێش دروستکردنی دەوڵەتەکەی بەیار دەدات یەک سوپا و یەک ئاڵای هەبێت.

لە باشوری کوردستان ئەو حیزبانەی بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەکەن ئامادەنین هەزە ناڕەکخراوە حزبەکانیشیان تەسلیمی حکومەت بکەن. لەنێوان دوو پارچەی کوردستاندا لەسەر پرسی ئاڵای کوردستان هەڵ ناکەوێت، ئەمە لەکاتێکدا جولەکە لەچەندین وڵاتەوە هاونیشتمانی خۆی بردەوە و نیشتەجێکرد لەخاکی فەلەستین بەڵام دوو حیزبی دیاری کوردی وەک پارتی و پەکەکە کە یەکەمیان خۆی بە خاوەنی پرۆژەی دەوڵەتی کوردی دەزانێت و دووەمیان خۆی بەخاوەنی پرۆژەی دیموکراتی گەلان لە هەژهەژاتی ناوەڕاست دەزانێت، ئامادە نین هێگا بدەن خەڵکی شەنگال بچێتەوە شارەکەی خۆی و دەبێت ژیان لە ژێر خەمە و ئاوارەیی لەشارێکی تر بەرێتە سەر.

لەکۆتایدا دەپرسم ئایا بەم ئۆقەیەتەوە بەیاردرابوو هێفراندەم بکرێت و دەوڵەتمان بۆ دروستبکرێت؟

ئایا ئەم ئۆقەیەتە چەند ساڵی تر حوکمی ئەم هەرەمە دەکات و دروستکردنی دەوڵەت وەک موزایەدە دەفرۆشنەوە بەخەڵکی و لە جیاتی ئەوەی هەشنەبیری نەتەوەی دروستبکەن لەناو تاک بەتاکی هاونیشتمانیاندا، تاکەکان فڕ دەکەن جنۆ بە نیشتیمان و خاک و ئایندەی خۆیان بدەن؟

هەڵەی باشووری کوردستان لە هاپەینەی شێخ عوبەیدوڵای

نەهریدا-2- … هەسوە بەسکەنی

بەشی دووەم
یەکەمین پەکداهەپژانی کورد و عوسمانی 1879

تا ئێستا هەموو ئەوانەی لەسەر مێژووی شەشی شێخ عوبەیدوڵایان نووسیوە، بە درێژی باسی ڕاپەڕین و لەشکرکێشی شێخ عوبەیدوڵایان لە ساڵی (1880) کردووە بێ سەر دەوڵەتی قاجاری، بێ ئاگارکردنی کوردستانی بن دەستی ئێران، بەڵام زانیاری ورد و باوەڕ پێکراو دەربارەی سەرەتای شەشی لە نیوەی دووەمی ساڵی (1879) بەدەستەوە نادەن، بەتایبەت سەرەتاکانی شەش و یەکەمین پەکداهەپژانی کورد و عوسمانی، چۆن سەرەتا شەشەکە دژ بە بابی عالی بەرپابوو، چۆنیش دواتر هەوتی هێرشەکان وەرسوڕانەوە بێ لەشکرکێشی بێ سەر ئیمپڕاتۆری ئێران، بگومان کەمەک هۆکار و هێواوی جیۆپۆلیتیکی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیان بینی لە تەقینەوەی شەشەکە و ئاراستەکردنی شەشەکە هێواە و ئێران. لەوانە: شکانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی لەبەرامبەر ڕووسیای قەیسەری، بەشی زۆری هەرەمە موسڵمانە ناتورکیەکانی لە هەژمەنات دژی بابی عالی ڕاست کردەوە، دواتر کۆنگرەی بەرلین (13ی تەموزی 1878) و هۆنانەپێشەوەی پرسی ئەرمەن لە هەژمەناتی ئەنادۆڵ، بەپێویستیەوە هێواەووی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد دەبوونەوە، مادەی (61)ی کۆنگرەی بەرلین، کە داوای چاکسازی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەکرد.
بەداخەوە تائێستا مێژووی یەکەمین پەکداهەپژانە چەکداریەکانی عوسمانی و شەشی شێخ عوبەیدوڵا ڕوون نیە، چۆن و کەی و لەکوێ سەری هەڵدا، بەڵام بەگەنامەکانی باڵوێزخانەی فەرەنسا لە عوسمانی ئاماژەیان بەو هێواوانە داوە، کە (د. نەجانی عەبدوڵا) لە دووتوێی کتێبەکدا چاپی کردوون، ئەگەرچی پێویستی بەهەکەینەوەی زیاترە، بەڵام هەندێك زانیاریمان لەسەر هێواوەکانی ئەو هەژگارە بێ ڕوون دەکەنەوە، ئەو بەگەنامانە گرنگی زۆریان هەیە، سەرەڕای ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری هێواوەکان بووون، بەهۆی ململانێ نێودەوڵەتیەکانەوە هەریەك لە ڕووسیا و بەریتانیا هەی زیاتریان هەبوو لەبەرپابوونی شەشەکەدا وەڵای ئێرانی و عوسمانیەکان، بەڵام فرەنسا ئەوەندەی ڕووسیا و بەریتانیا خاوەن بەرژەوەندی نەبوون و بێ لایەنانە تر هەفتاریان کردووە، ئەمە لێرە جارێکی دیکە ئەوانە بیر دەنینەوە، تا شارەزایانی ئەو بوارە زیاتر بەدواداچوونی بێ بکەن.

سەرەتای ڕاپەڕینەکە
شێخ عوبەیدوڵڵا کە شوێن ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ کەوتبوو، سەرەتا ڕاپەڕینەکەی لە کوردستانی بندەستی عوسمانی دەست پێکرد، لە وان و موسڵ بەئاراستەی هەواندز و کەرکوك و سلێمانی، سەرەتای ڕاپەڕینەکە لەمانگی حوزەیرانی ساڵی 1879 لە هەردوو ویلایەتی وان و موسڵدا ڕوویدا، دواتر بەرەو ئاراستەی هەواندز و شاری کەرکوك پەرەی سەند و توانیان کۆنترۆڵی لای چەپی ڕووباری دیجلە تا ئەو بەری کەرکوك بکەن، لەوبارەیەوە باڵوێزخانەی فرەنسا لە بەشی ئەتاشەی سەربازی لە تەراپیا (12)ی ئۆکتۆبەری (1879) دەربارەی ڕاپەڕینی کوردستان بۆ وەزیری وڵاتەکەی دەنووسێت:هەوەڵین نیشانەی ئاشوبی (ڕاپەڕین)ی کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی بەر لە پێنج مانگ، شڕشەکە لە تخوبی هەردوو ویلایەتی دیاری کراوی وان و موسڵدا دەستی پێکرد، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی حوزەیرانەوە بەڕێز سیوفی (Siofi) کارداری جێگری کونسولی فرەنسا لەموسڵ ئاماژەی کرد بۆ دەستپێکی ئەم بزاڤە لەناو هۆزەکانی نێوان دەربەندی زابی گەورە، لەڕۆژهەڵاتی چیای (Dschoudid- چیاییەکانی کاردۆخ) و ناو قەزای ئامێدی و ئاکرێ، کە سەر بە ویلایەتی موسڵن، لەو کاتەوە شڕش بە بەرفراوانیەکی زۆرەوە خواروو ڕۆژهەڵات، بە ئاراستەی هەواندز و تا کەرکوکی گرتبوەوە.
بەڕێز (سیۆفی) ئاماژەی بەوە داوە سەرکی هەرە دیاری ئەم فیدائیەتەی کورد شێخکی چیاییە، ناوەکەی لەکاتی جەنگی (ڕووسی – عوسمانی) لە ساڵی (1877) دا هاتۆتە ناوانەوە، پێی دەڵێن شێخ عوبەیدوڵڵا. ئەوەی ئەوە دەچەسپێنێ ئەوەیە ئەم سەرکە بە پلەکی (700) تا (800) لایەنگیرەوە دەستی پێکردووە و لەمانگی تەموزەوە ژمارەیان بوو بە (5000) کەس، لەو کاتەوە هۆزەکانی ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەکەن، لەلایەکی دیکەوە شێخ عوبەیدوڵڵا هیچ شتێکی فەرامۆش نەکردووە، لەوەتای بۆیاری داوە سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیە بگرێتە دەست، کە بنچینەکەی وا پێدەچێ خێکردی (عفوی) (1) بێت، بۆ ئەوەی هەموو گرنگیەکی پێ بدات، کە بشێ بیخاتە بندەست خۆیەوە، شێخ لەبەرامبەر هاونیشتمانیەکانیەوە بەرپرسیارێتی ئەم چەك هەڵگرتنەی خستەسەر شانی خۆی و بەئاشکرا ڕایگەیاند پاڵەوانی کوردە چەوساوەکانە، بە بانگەوازی کردنی کوردەکان بۆ خۆگردکردنەوە لە دەوری ئەو چەندین نامە و بانگەوازی دڵستانەی بۆ هەموو هۆز و بەگەکان نارد، تا بانگهێشتیان لێ بکات بۆ ئەوەی پەیوەندی پێوە بکەن، تەواوی ناوچەی باشوور و ڕۆژهەڵات کە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی ئەو دابوون، یەکەمین ناوچە بوون وەڵامی ئەم دەست لەپشت دانەیان دایەوە و هەموویان بەتەواوی ڕابوون، هەقی ئەوەمان هەیە

وابیر بکەینەوە کوردەکانی باکوور بە پیر جوانەوەکەوە دەچن، چونکە لە کۆتایی تەمووزەوە لە موسڵەوە نووسیویانە، ژمارەیەکی زۆر پەیوەندیان پێوە کردووە، و بۆ وەستان دەگەنە ئامێدی و قەزایە هاوسنوورەکانی.
شێخ عوبەیدوڵڵا بەو نیازەی پشتگیری نەتەوە دراوسێکانی تریش مسۆگەر بکات، لەگەڵ مارشەمعونی سەرۆکی ئایینی ئاسووریيەکان و شەریفی مەککە و خدێوی میسر کەوتە گفتوگۆ، عەرەبەکانی ویلایەتی بەغدا، لەڵڵەی فەرغان پاشای سەرۆکیانەوە شێخ عوبەیدوڵڵایان ئاگادارکرد ئامادەن پشتگیری بکەن.
بەپێی ئەو ڵڵکەوتنە دەبوو هێزەکانی کورد دوای داگیرکردنی موسڵ لەگەڵ هێزەکانی عەرەب یەک بگرنەوە، دابەش کردنی هێزەکانی ڵاپەڕینەکە بەم جۆرە بوو: بەشێک لە هێزی ڵاپەڕیوەکان بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری کوڕە بچووکی شێخ عوبەیدوڵڵا لەگەڵ هێزەکانی عەشرەتی مەنگوڕ و مامەشی ئۆران دەبوو شارەکانی ئامێدی، موسڵ داگیربکەن. بەشێکی تریش بەسەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا دەستگا بەڵڵوە بەرایەتیەکانی شاری وان بگرن.
لەو ڵڵژانەدا کاتێک ڵاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە خۆکردنەوەدابوو، لەشوباتی ساڵی (1879) لە باکووری ڵڵژهەڵاتی گۆماوی وان بزووتنەوەیەکی لە خۆڵا (عفوی)(1) لەناو عەشرەتی حیدرانلی دژی دەوڵەتی عوسمانی سەری دەرهێنا، بەقسەی ڵائید تروتێری کونسولی ئینگلیز لە ئەرزروم هێی سەرەکی ڵاپەڕینی حیدرانلی هەژاری و برسێتی و بێ سەروشوێنی بوو. بزووتنەوەکەی حیدرانلی چالاکانە دایە پاڵ شێخ عوبەیدوڵڵا.
شێخ عوبەیدوڵڵا لە سەرەتای ئابی ساڵی (1879) لەسەر کوردەکانی گەراکلی هەڵی دایە و نوێنەرانی خۆی نارده لای کورده دراوسێکان و داوای لێکردن لابدەنە تەک ڵاپەڕینەکەی و بانگەوازێکی بڵاوکردەوە، لەو بانگەوازەدا لەوە دەدوا جاران ناوچەکانی کوردنشین لەژێردەستی عوسمانیدا نەبوون، ئەوەشی تیا ئاشکرا کرد کە خەریکی خۆ ئامادەکردنە بەو نیازەی پەلاماری ئامێدی بدات. شێخ عەبدولقادری کۆیشی نارده سەر هێزەکانی سەرداری موسڵ کە بۆ بەزەییانە خەڵکی ناوچەکەیان دەچەوساندەوە.
لەم ڵووەوە کرێبڵی کونسولی ڵووس لە ئۆران لە کانوونی یەکەمی ساڵی (1879) دەنووسێت: شێخ نیازی وایە ڵاپەڕینێک دژی دەوڵەتی عوسمانی هەڵگیرسێنێ، بەتەمای ئەوەیە لە کوردستانی عوسمانی حکومەتێکی سەربەخۆ بەسەرۆکایەتی خۆی پێک بێنێ و شاری موسڵیش بکاتە بنکە و بارەگا.
یەکەم کردەی شڵڵشەکە لە هەر کۆیەک هەستیان بکردبوایە بادەستن

کاربەدەستە تورکەکانیان ناودەنا. وەک ئەوەی دەڵێن لە بەرواری ژووروو و لە هەواندز ڕوویاندا. لەموسڵ واباوە شێخ بۆ ئاپەڕین عەبدوڵڵا ئاغای بەگی کوردی زێباری هانداوە بۆ ئەوەی بەهەرشێکی لەناکاو شوێنی چکۆلەی ناوەندی بەهێزی ئامێدی بگرێ، کە دەیەوێ بیکات بە بارەگای حکومەتەکەی.
لەهەموو ئەم جارنامانەدا شێخ عوبەیدوڵڵا ئایدەگەنێت بێیاری داوە دەست بکات، بەخەباتێکی تاسەر دژ بەتورکەکان و هەمیشە ئەوە زیاد دەکات کوردەکان بێ تاقەت بوون لە دانی باج و چەوساندنەوە، داوای خاوەندارێتیەکی هاوچەشنی ئەوەی بوێگارەکان هەیانە دەکات، بەپشکەوتنی ڕووداوەکانەوە شێخ ئایدەگەیەنێ سەرکردایەتی ئەم دەوڵەتە نوێیە وابەستەیە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، کە ساڵانە سەرانەیەکی سادە بە دەسەڵاتی سوڵتان بدات.
تەنیا مەبەستی کوردستانی نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی نییە
شێخ لایەنی دیپلۆماسیشی پشت گوێ نەخست، بۆ ئەم مەبەستە لەمانگی ئەیلولدا دووجار پێوەندی بەڕووسەکانەوە کرد و داوای هاوکاری لێ کردن، بۆ ئەمەش یوسف ئاغای نارەدە کونسوڵخانەی ڕووسیا لەوان، بەڵام ڕووسیا ئامادەیی دەرنەبڕی بۆ هاوکاری کورد، وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لەو بڕوایەدابوو شێخ عوبەیدوڵڵا تەنیا مەبەستی کوردستانی نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی نییە، بەکو پەلاماری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانیش دەدات، ئەم کارەیان لەبەرژەوەندی خۆیان نەدەبینی، جارێکی دی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ئۆکتۆبەری 1879 پێوەندی بەکونسوڵخانەی ڕووسیاوە کرد، لەناو دەوڵەتی عوسمانی کە هاوکاری بکەن، بۆ جاری سێیەم سەید محەمەد سەعیدی وەک نوێنەری خۆی نارد بۆ لای کامساراکانی کۆنسوڵی ڕووسیا، سەید محەمەد بۆ ڕووسەکانی ڕوون کردەوە، خراپی دەسەڵاتی عوسمانیەکان بەرامبەر بەکورد، داوای هاوکاری لە ڕووسەکان کرد و بیری خستنەوە، کە چۆن هاوکاری ڕووسیا بوون، لە کاتی ململانێکان لەگەڵ عوسمانیەکان و بەریتانیەکان، بەڵام ڕووسەکان بەهیچ شێوەیەک هاوکاری کوردیان نەکرد، بەپێچەوانەوە دژایەتیشیان دەکردن. لەگەڵ ئەوەشدا شێخ عوبەیدوڵڵا لە هەوڵە دیپلۆماسیەکانی بەردەوام بوو لەگەڵ کاربەدەستانی ڕووس و بەریتانیا.
(1) هەمیشە شۆشەکانی کورد تەمەتی ئەوەیان دراوەتە پاڵ کە بەدەستی بێگانە دروست کراون، یان کورد نەتەوەیەکی شەخوازن و بۆ تاڵان و دزی و جەردەیی ئاپەیون، ئاپەینی شێخ عوبەیدوڵڵاش لەوە بەدەرنەبوو، ئێران بەدەسیسەی عوسمانی دەزانی و ڕووسیا و بەریتانیاش تەمەتی تاڵانی و ئاووڕوتیان دەدایە پاڵی، لەگەڵ ئەوەشدا باش دەیانزانی ئەم ئاپەینە لەووی هێشی نەتەوەیی سەری

هەداوە، ئەگەر لای هەمووشیان وانەبێت لای هەندێکیان وایە و لانی کەم شێخ عوبەیدوواڵا و بەشێکی زۆر لە سەرانی ئاپەڕینەکە بە کوردستانێکی سەربەخۆ لە خەبات و تێکۆشان دابوون.

.....ماویەتی

ئایا جەنگ لەنێوان ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ئیمپریالیزمی چیندا ڕودەدات؟ ... تاهیر حاجی حەسەن

